# باسی ڕاستگۆیی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# الصدق

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# باسی ڕاستگۆیی

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَالَ اللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ ۚ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [المائدة :١١٩].

واتە: خوای گەورە فەرمووی : ئەمە ڕۆژێکە ڕاست بێژان ڕاستی یەکەیان کەڵکیان پێ دەگەیەنێ بەهەشتانێکیان بۆ هەیە کە ڕووبارەکان بە ژێریاندا دەڕۆن ئەمێننەوە تیایدا بە هەمیشەیی خوا ڕازی بووە لێیان و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مَسعُود (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا). [ متفق عليه ] .

واتە: (عبداللە) کوڕی (مسعود) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (پێویستە لەسەرتان ڕاستگۆ بن، بەڕاستی ڕاستگۆیی مرۆڤ ڕێنمونی

دەكات بۆ چاكە، چاكەش ڕێنمویی دەكات بۆ بەهەشت، بەردەوام پیاو هەیە ڕاست دەكات و بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێت، هەتا لای خوا بەڕاستگۆ تۆمار دەكرێ، خۆتان بپارێزن لە درۆ بەڕاستی درۆ مرۆڤ بەرەو كاری خراپە دەبات، كاری خراپەش مرۆڤ بەرەو دۆزەخ دەبات، بەردەوام پیاو هەیە درۆ دەكات و بەدوای درۆدا دەڕوات هەتا لای خوا بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت).

## ڕاڤە:

جوانترین سیفەت بۆ مرۆڤی موسڵمان لە پاش باوەڕ هێنان بریتیە لە سیفەتی ڕاستگۆیی؛ چونكە ڕاستگۆیی بنچینەی باوەڕە، هەر چۆن درۆ بنچینەی نیفاقە.

## ڕاستگۆیی دوو مانای هەیە:

یەكەم: مانایەكی تەسك كە بریتیە لە وەك یەك بوونی گوتنی زمان لەگەڵ حەقیقەتدا.

دووەم: مانایەكی فراوان كە بریتیە لە یەك بوونی دەرەوەی مرۆڤ لەگەڵ ناوەوەی.

## بەشەكانی ڕاستگۆیی:

١- ڕاستگۆیی لە نیەتدا.

٢- ڕاستگۆیی لە قسەکاندا.

٣- ڕاستگۆیی لە کردەوەکاندا.

٤- ڕاستگۆیی لە کردەوەکانی دڵ وئەندامەکاندا.